
# ڕێنمایی بۆ بەکارهێنان



## ڕێکردنەوەی کاتژمێر

**تێبینی : نیشاندەری پێش نیوەڕۆ AM/پاش نیوەڕۆ PM**

AM = **هەڵکراو** . PM = **کوژاوە**

**بۆ ڕێکردنەوەی کاتژمێر پێوست بە چوونە ناو پرۆگرامەکان ناکات**

**دەستنان بە دوگمەی OK دا ژمارەی شاشەی ساڵ پرتە پرت دەکات، ئامادەیە بۆ کەمکردن یان زیادکردن. دوگمەی ▲ (دوگمەی سە روو OK زیادکردن، دوگمەی ▼ (دوگمەی خوار OK ) کەمکردن. وە دەستنان جارێکی تر بە دوگمەی دا ڕەقەمی شاشەی مانگ پرتە پرت دەکات، ڕێکردنەوەی ڕۆژ و ڕۆژەکانی هەفتە و کاتژمێر و خولەك بەهەمان شێوە، بەڵام لەدوای ڕێکردنەوەی خولەك بۆ کۆتا جار دەستنان بە دوگمەی OK دا ئەوا هەموو گۆڕانکارییەکان خەزن دەبێت و (SAVE) پیشان دەدات ..ڕۆژەکانی هەفتە بەم شێوەیە دەر دەکەوێت :0= شەممە ,1= یەکشەممە ,2= دووشەممە ,3 = سێ شەممە ,4= چوار شەممە ,5= پێنج شەممە, 6= هەینی.**

**تێبینی :- <u>لەدوای هەموو گۆڕانکاریەك لە کاتەکان و خەزنکردن، چرکە لە سفرەوە دەست پێدەکاتەوە</u>**

## کاری هەندێك لە دوگمەکان

### کاری ئەم دووگمانە لەکاتی کاری ئاسایی کاتژمێرەکە ,واتا لەکاتی پرۆگرامدا نەبێت

**کوژانەوەی شاشەی ئامێرەکە ,دەرچون لەم حاڵەتە دەستنان بەهەر دوگمەیەکی کونترۆڵ یان کوژانـەوەو هەڵکردنـەوەی ئامێرەکە یان دەستپێکردنی کاتی بانگەکان.**

**کپ**
**کپ کردنی هەموو دەنگەکان بێجگەلە ئیشپێکردنی پلەیەرەکان .ئامێرەکە بەکپ کراوی دەمێنێتەوە پاش کوژانەوەو هەڵکردن تا جارێکی تر دەستەنرێت بەهەمان دوگمە .**

**قفڵ کردنی ئامێرەکە ,لابردنی قفڵ دەستنان بەهەمان دوگمە .**

**کارپێکردنی دەنگەکانی ناو ئامێرەکە و بە دوو دوگمەی ▲ OK ▼ گۆڕینی دەنگەکان .**

**هەڵکردن و کوژانەوەی گڵۆپ .**

**کارپێکردن و لەکارخستنی ئەلەرم (توقیت).**

**دەرکردنی دەنگ بۆ زانینی حاڵەتی کپ , ئەگەر کپ کرابوو دەنگ دەرناکات . * هەندێك مۆدێل**

**دەرەوە**
**دەستنان بەم دوگمەیەدا وەکو کوژانەوەو هەڵکردنەوەی ئامێرەکە وایە .**

**بەرنامە**
**چوونەناو پرۆگرامەکان .**

**◀ OK ▶ کزکردن و زیادکردنی دەنگی ئامێرەکە . دەتوانریت دەستبنرێت بە دوگمەی پاشان بـەم دوو دوگمەیـە دەنگ کەم و زیاد بکرێت .**

**دوگمەی 1 بۆ 9 ئیشپێکردنی دەنگەکان .**

**دوگمەی 0 کاتێك ئامێرەکە هەر دەنگێك لێبدات دەستبنرێت بـەم دوگمەیـەدا ئـەوا ئەودەنگـە دووبارەدەکاتـەوە بەبـەردەوامی دەستنان بەدوگمەی ( دەرەوە ) لەم حاڵتە دەچێتە دەرەو .( تیبینی : کاری ئەم دوگمانە بە پیّی مۆدیلەکان دەگۆڕێت ).**

# ئیشپێکردنی قورئان

تێبینی : قورئان لەهەموو کاتژمێرەکاندا نیە

دەستنان (📖) بەدوگمەی ئامێرەکە دەچێتە ناوبەرنامەی ئیشپێکردنی قورئان .

▲ ▼ گۆڕینی سورەتەکان . سورەتەکان بە پێی ژمارە سورەتی الفاتحە 1 ,البقرە 2 ...بە وشێوەیە دەروات

دەتوانرێت پێنج سورەت خەزن بکرێت : لەکاتی لێدانی هەر سورەتێك دەستبنرێت بەدوگمەی ( خەزن ) ئەوا ئەو ژمارەی ئەو سورەتەخەزن دەکات لەدوگمەی 1 بۆ 5 یەك بە دوای یەك . پاشان بۆ ئیشپێکردنەوەی سورەتەخەزنکراوەکان دەست دەنرێت بەدوگمەکانی 1 بۆ 5

بۆ دەرچون لەم پرۆگرامە دەست دەنرێت بەدوگمەی (دەرەوە) دەرەوە ) دا .


تێبینی : چوونە ناو ئەم بەرنامەیە لەسەرەتای دەستنان بەدوگمەکەدا دەبێت 5 چرکە چاوەڕوان بکرێت تا سستەمەکە ئامادەدەبێت پاشان سورەتەکان دیاری بکرێت

## شێوازی چونە ناو پرۆگرامەکان


تکایە ئەم دوو بەشە بخوێنەرەوە «شێوازی چونە ناو پرۆگرامەکان - لەگەڵ- شێوازی گشتی بۆ گۆڕانکاری لە ناو پرۆگرامەکان»

پاشان بچۆرە سەر ئەو پرۆگرامەی دەتەوێت کاری لەسەر بکەیت .

دەستنان بەدووگمەی (P بەرنامە) کاتژمێرەکە دەچێتە حاڵەتی پرۆگرام کردنەوە ،واتا لەکاری کاژتمێر دەر دەچێت و شاشەکان بەم شێوەیەدەبن : 01:00 واتا پرۆگرامی یەك 02:00 واتا پرۆگرامی دوو.......




دوو دوگمەی ▶ OK ◀ گۆڕینی پرۆگرامەکان .

دوگمەی (OK) دەچێتە ناو پرۆگرامی هەڵبژێراو شاشەی پرۆ  ـان دودات .

دوگمەی (➡) هاتنەدەرەوە لەبەرنامەکان بۆبەرنامەی سەرەکی .

دوگمەی (دەرەوە) دەرچون لە پرۆگرامی سەرەکی وگەڕانەوەی ئامێرەکە بۆ سەر کاری ئاسایی .


دوو دوگمەی ▲ OK ▼ ( دوو دوگمەی سەرو خواری OK ) گۆڕینی بەهای پرۆگرامەکان .

---

## شێوازی گشتی بۆ گۆڕانکاری لە ناو پرۆگرامەکان

پاش چونە ناو پرۆگرام بە دوگمەی (P بەرنامە)

1- هەڵبژاردنی پرۆگرام بە دوو دوگمەی ▶ OK ◀


2- دەستنان بە دوگمەی (OK) سیستەمەکە دەچێتە ناو پرۆگرامی هەڵبژێراو و شاشەی پرۆ  ـان دەدات.

3- گۆڕینی بەهای پرۆگرامی هەڵبژێراو بە دوو دوگمەی ▲ OK ▼

4- دەستنان بەدوگمەی (OK) گۆڕانکاریەکان خەزن دەکات .


زۆر گرنگ : هەموو زیادکرن ویان کەم کردن لەسەر شاشەی ( بەهای پرۆگرامەکان ڕوو دەدات پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ شاشەکانی خوارەوە ).

# کاری پرۆگرامەکان و پرۆگرامکردن




**پرۆگرامی یەك** : **هەڵبژاردنی کاتی نوێژ بەپێی شارەکان** .

**پاش چونە ناو پروگرام بە دوگمەی** (P) بەرنامە



-1 **دەستنان بە دوگمەی ( باشە OK ) بۆ چونە ناو پرۆگرامی یەك .**

-2 **بە چوار دوگمەی هەڵبژاردنی کۆدی شارەکان .**

-3 **دەست نان بە دوگمەی خەزن ( S ) کۆدەکە خەزن دەبێت .**


**تێبینی : دەستنان بە دوگمەی** ➡ **کۆد دەخانە ئەکات بە ( 0000 )**

**پرۆگرامی دوو** : **گۆڕینی کاتەکانی نوێژ** .

**زیادکردن و کەم کردنی کاتەکانی نوێژ بۆ ئەو ناوچانەی لەناوەندی شارەکانە وە دوورن و هەندێك کاتی نوێژکردنیان جیاوازە**

**.دەتوانرێت کاتی هەر نوێژێك کەم و زیاد بکرێت بە بڕی 1 بۆ 45 خولەك .**

**پاش چونە ناو پروگرامی دوو کاتژمێرەکە بەم شێوەیەدەبێت :-**






**یەکەم جار نوێژی بەیانی هێمای ( -- ) پیشان دەدات، ئامادەیە بۆ کەم کردن و زیادکردن بەدوودوگمەی** ▲▼ **, بە دوگمەی** ▶

**هێمای ( P ) لەسەر شاشەی کردارەکان دەردەکەوێت واتا ئەو بەهایەی بۆ دیاری دەکرێت کۆدەکرێتەوە بۆ کاتی نوێژی بەیانی،**


**وە یان بە دوگمەی** ◀ **هێمای ( n ) واتا ئەو بەهایەی بۆ دیاری دەکرێت کە کاتی نوێژی بەیانی لیٚ دەردەکات بە دەستنان بە**

**دوگمەی** (OK) **شاشەکە بەها دەگوازێتەوە بۆ شاشەی کاتی نوێژەکان. دەتوانرێت بۆ هەر پێنج نوێژەکە ئەم کردارە ئە نجام بدرێت.**

**وە یان بەهای ( 00 ) واتا هیچ خولەکێك زیاد و کەم ناکرێت. بونمونە : ئەگەر کاتی نوێژێك 12:00 بوو 1 دیاری کرا و شاشەی**

**کردار P بوو لە ئە نجامدا کاتەکە دەگۆڕێت بۆ 12:01**

**بەلاّم ئەکەر شاشەی کردار n بوو ئەوە ئە نجام دەبێت بە 11:59**




## پرۆگرامی سێ : گۆڕینی کاتەکانی قامەت


دیاریکردنی کاتی قامەت بۆ دوای بانگ بەکاردەهێنرێت لە مزگەوتەکاندا

. دەتوانرێت تا 45 خولەك دیاری بکرێت بۆ هەر کاتێکی نوێژ بێجگە لە کاتی خۆرهەلاتن .

پاش چونە ناو پرۆگرامی سێ کاتژمێرەکە بەم شێوەیەدەبێت :-

یەکەم جار نوێژی بەیانی هێمای ( -- ) پیشان دەدات . بە دوو دوگمەی ▲ OK ▼ دەتوانرێت ژمارەی ئەو خولەکە دیاری بکرێت کەدیاری دەکرێت بۆ کاتی قامەت بەیانی پاش دەستنان بە دوگمەی (OK) کاتی دیاری کراو دێتە کاتی شوێنی ( -- ) بەهەمان شێوە بۆ کاتەکانی تر ژمارەی یەك بەدوای یەك بێجگەلە کاتی خۆر هەلاتن .

**تێبینی :** ژمارە لە شاشەی بەهای پرۆگرامەکان هەلدەبژێرێت لە پێشدا و پاشان دەستنان بە دوگمەی (OK) ژمارەکە دەگوازرێتەوە بۆ ئەو کاتی نوێژەی کە هێمای ( -- ) لەسەرە .




## پرۆگرامی چوار: گۆڕینی کاتی ئاگاداركردنەوەی پێش نوێژ (1 بۆ 45 خولەك).


پاش چونە ناو پرۆگرامەکان و دیاریکردنی پرۆگرامی چوار , کاتژمێرەکە بەم شێوەیە دەر دەکەوێت :-

- زیادکردن و کەم کردن بە دوو دوگمەی ▲ OK ▼ لەسەر دوو ژمارەی بەهای پرۆگرام

- پاش دیاری کردنی ژمارەی خولەك دەستان بەدوگمەی (OK) ژمارەکە خەزن دەبێت .

.

*****************************




## پرۆگرامی پێنج: هەڵبژاردنی جۆری بانگ و دەنگەکان .

پاش چونەناو ئەم پرۆگرامەوە کاتژمێرەکە بەم شێوەیە دەبێت :-


( -- ) دەردەکەوێت واتا نوێژی بەیانی ئامادەیە بۆ دیاریکردنی دەنگ .

بەدوو دوگمەی ▲ OK ▼ دەتوانرێت دەنگەکان ببیسترێت و لەشاشەی بەهای پرۆگرام هە ر ژمارەو تایبەتە بە دەنگێك ..

دستنان بەدوگمەی (OK) دەنگی بیستراو دیاری دەکرێت ژمارەی دەنگەکە دێتە خوارەوە بەو شێوەیە دەنگەکە خەزن دەبێت .

ڕیزبەندی دەنگەکان بۆ دیاری کردن بەم شێوەیە :

(بانگی بەیانی –دەنگ بۆ خۆرهەلاتن – بانگی نیوەڕۆ – بانگی عەسر- بانگی ئێوارە – بانگی عیشا –دەنگ بۆ پارشێو -دەنگ بۆ پێش بانگەکان –دەنگ بۆ سەری کاتژمێر).




## پرۆگرامی شەش : گۆڕانكاری كردن لە بەرواری ساڵ نامەی كۆچی .

پاش چوونە ناو ئەم پرۆگرامە كاتژمێرەكە ڕۆژ , مانگ , ساڵی كۆچی پیشان دەدات .


بە دوو دوگمەی ▲ OK ▼ بەروارەكە كەم و زیادی پێدەكرێت تا ڕێك دەبێتەوە ,

پاشان دەست دەنرێت بەدوگمەی (OK) بۆ خەزن كردنی گۆڕانكاریەكان .

## پرۆگرامی حەوت : دیاریكردنی كاتی ئاگاداركردنەوەی ڕۆژانە (ئەلەرم).

ئالارم ( توقیت ) دیاری دەكرێت وەكو شێوازی ڕێكردنەوەی كاتژمێر كاتەكە دیاری دەكرێت بەڵام دەبێت ئاگاداری گڵۆپی ( AM ) و ( PM ) بكرێت بە پێچەوانەوە كاتی ئاگاداركردنەوەی ئالارم هەڵە دەردەچێت .

****************************




## پرۆگرامی هەشت: دیاری كردنی پیشاندانی جۆری بەروار .

پاش چونە ناو پرۆگرامی هەشت كاتژمێرەكە بەم شێوەیە دەر دەكەوێت -:


پیشاندانی جۆری بەروار ( كوردی , زاینی , كۆچی , فارسی ) دیاری دەكرێت بە پێی ئەم لیستەی خوارەوە -:

هیمای ( # ) واتا گوێی پێنادرێت .

واتا پرۆگرامی هەشت لەگەڵ پرۆگرامی 10 یان بۆ هەندێك حاڵەت تەنها پرۆگرامی هەشت جۆری بەروار دیاری دەكات

بە دووگمەی ▲ OK ▼ هەڵبژاردنی ژمارە لە سەر شاشەی بەهای پرۆگرام پاشان دەستنان بە دوگمەی (OK) بۆ خەزن كردن.

| بەهای پرۆگرامی هەشت | جۆری زمان ( بەرنامەی دە ) | پیشاندانی جۆریی بەروار / پیشاندان بەنوسین |
|---|---|---|
| 1 | 3 | ساڵ نامەی زاینی/ نوسین : ڕۆژی هەفتەی ئینگلیزی |
| 1 | 1 | ساڵ نامەی زاینی/ نوسین :مانگی كوردی +ڕۆژی هەفتەی كوردی |
| 1 | 2 | ساڵ نامەی زاینی/ نوسین :مانگی عەرەبی +ڕۆژی هەفتەی عەرەبی |
| 1 | 4 | ساڵ نامەی زاینی/نوسین :مانگی فارسی +ڕۆژی هەفتەی كوردی |
| 6 | 3 | ساڵ نامەی كۆچی +زاینی/ نوسین :مانگی كۆچی +ڕۆژی هەفتەی ئینگلیزی |
| 6 | 2 | ساڵ نامەی كۆچی +زاینی/ نوسین :مانگی عەرەبی +ڕۆژی هەفتەی عەرەبی |
| 1 | # | ساڵ نامەی زاینی |
| 2 | # | ساڵنامەی كۆچی |
| 3 | # | ساڵنامەی كوردی |
| 4 | # | ساڵنامەی فارسی |
| 5 | # | ساڵ نامەی زاینی ساڵنامەی كوردی |
| 6 | # | ساڵ نامەی زاینی ساڵنامەی كۆچی |
| 7 | # | ساڵ نامەی زاینی ساڵنامەی كۆچی ساڵنامەی كوردی |
| 8 | # | ساڵنامەی كۆچی ساڵنامەی كوردی |
| 9 | # | ساڵ نامەی زاینی ساڵنامەی كۆچی ساڵنامەی كوردی ساڵنامەی فارسی |
| 10 | # | ساڵنامەی فارسی ساڵنامەی كۆچی |
| 11 | # | ساڵنامەی فارسی ساڵ نامەی زاینی |
| 12 | # | ساڵنامەی فارسی ساڵ نامەی زاینی ساڵنامەی كوردی |




## پرۆگرامی نۆ : دیاری کردنی کاتی نێوان جۆری بەروار .

پاش چونە ناو پرۆگرامی هەشت کاتژمێرەکە بەم شێوەیە دەر دەکەوێت :-


بە دووگمەی ▲ OK ▼ هەڵبژاردنی کات بەچرکە لەنیوان پیشاندانی جۆری بەروارەکان

لەسەر شاشەی پرۆ ..بۆنمونە ئەگەر 5 دیاری کرا ئەوا هە رپێنج چرکە جاریك بەروارەکان

دەگۆڕێت و دوگمەی OK بۆ خەزن کردن.

تێبینی : ئەم پرۆگرامە تەنها کاردەکاتە کاتی پیشاندانی بەروار بەشێوەی ژمارە واتا شاشە

ڕۆیشتوەکە وەك خۆی کار دەکات .




## پرۆگرامی دە : هەڵبژاردنی جۆری زمان .

پاش چونە ناو پرۆگرامی هەشت کاتژمێرەکە بەم شێوەیە دەر دەکەوێت :-

بە دوو دوگمەی ▲ OK ▼ هەڵبژاردنی جۆری زمان بەم شێوەیە :-

- 1 بۆ زمانی ئینگلیزی . 2 بۆزمانی کوردی . 3 بۆزمانی عەرەبی . 4 بۆزمانی فارسی
- دەستنان بە دوگمەی OK بۆ خەزن کردن .


****************************

## ئەنجامدانی کردارە خێراکان

بۆ هەندێك گۆڕانکاری خێرا لەئامێرکەدا ڕێگەیەکی ئاسا نمان دروستکردووە بەبێ ئەوەی پێوست بە چونەناو بەرنامەکانەوەبکات

ئەمەش بەم ڕێگەیەی خوارەوە :

دەستنان بە دووگمەی (←) شاشەی ئامێرەکە دەکوژێتەوە و تەنهاشاشەی پیشاندانی ساڵ دەبێت بەم شێوەیە :



ئامێرەکە ئامادەبێت بۆ وەرگرتنی فرمان لە کۆنترۆڵەکەوە ,

- کۆدی ( 001 ) = ڕیستارت کردنەوەی کاتژمێر و بەروار .
- کۆدی ( 002 ) = گەڕانەوەی پرۆگرامی کارگە .
- کۆدی ( 003 ) = بەکارخستن و لەکارخستنی ئاگادارکردنەوەی پارشێو .ت1
- کۆدی ( 004 ) = بەکارخستن و لەکارخستنی ئاگاداری دەنگی مۆبایل داخستن ( تایبەت بەمزگەوت ).ت1
- کۆدی ( 005 ) = بەکارخستن و لەکارخستنی قامەتکردن .ت1
- کۆدی ( 006 ) = بەکارخستن و لەکارخستنی ئاگادارکردنەوەی پێش نوێژەکان .ت1
- کۆدی ( 007 ) = تاقیکردنەوەی شاشەکان .ت2
- کۆدی ( 009 ) = بەکارخستن و لەکارخستنی ئاگاداری سەری کاتژمێرەکان .ت1
- کۆدی ( 010 ) = بەکارخستن و لەکارخستنی پیشاندانی کاتی قامەت لەسەر شاشە .ت1
- کودی (012) = بەکارخستن و لەکارخستنی کاتژمێری شیوازی 24 .
- کودی (013) = بەکارخستن و لەکارخستنی کاتژمێری هاوینە ( یەك کاتژمێر دەخاتە سەر کاتی نوێژەکان )

(ت1) : ئەم جۆرەکردارە بەجارێك داخڵکردنی کۆدەکە ئەوو کردارە کار دەکات داخڵکردنی جارێکی تر هەمان کۆد ئەوکردارە لەکاردەکەوێت وەهەروەها ....

(ت2) : بۆدەرچوون لە حاڵەتی تێستی شاشە تەنها بەکوژانەوەوە هەڵکردنەوەی ئامێرەکەدەبێت .

# چەند ڕێنمایی و تێبینیەك

1. دەبێت پێشی ئامێرەکە بپارێزرێت لە پیاکێشان و خشاندنی شتی ڕەق چونکە مادەی پرێنت کراوەکەی سەری لادەبات وەهەروەها بۆ پاکردنەوە دەبێت تەنها بە پەڕۆیەکی کەمێك تەڕکراو بەئاو یان پاکەروەی شوشە پاك بکرکێتەوە و نابێت مادەی تر بەکار بهێنرێت .

2- ئەم ئامێرە نابێت لەبەر باران یان لەبەر هەتاو دابنرێت.

3. نابێت هیچ جۆرە شاحینەیەکی تری بۆ بەکاربهێنرێت بێجگە لەوەی لە کارگەی سۆرانەوە بۆی دیاری کراوە و ناوی (کارگەی سۆران)ی لەسەرە.

4. بەهیچ شێوەیەك نابێت وایەری شاحینە بقرتێنرێت بە مەبەستی درێژکردنی وایەرەکەی.

5. دەبێت بپارێزرێت لە کەوتنە خوارەوە چونکە ئەگەری تێکچوونی دەبێت.

9- ئەم ئامێرە پاتریەکی 3 ڤۆڵت جۆری (CR2032) تێدا بەکارهاتووە بۆ ڕاگرتنی کاتەکان لەکاتی نەمانی تەزووی کارەبا لەسەری, لەکاتێکدا لاواز ببێت کاتژمێرەکە دوادەکەوێت و پێویستە بگۆڕێت , ئەم پاتریە بەشی ( 2 بۆ 3 ) ساڵ دەکات ئەوەش بەندە لەسەر چاکی جۆری پاتریەکە .

# پاتری ئیشپێکردنی کاتژمێرەکە

ئەو جۆرە کاتژمێرانەی پاتری شەحنیان تیدایە پاتریەکی جۆری (Lead Acid) 6 ڤۆڵت 1.5 ئەمپێر هەیە لەناوکاتژمێرەکە ئەم پاتری ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێك بەکاربهێنرێت دەتوانرێت بۆ ماوەی 2 ساڵ سودی لێوەربگیرێت ,بەلاّم ئەگەر بینرا لەکاتی بڕانی کارەبادا هەموو کاتێك بۆماوەیکی کورت ئیشی بەکاتژمێرەکەکرت ئەوادەبێت بگۆڕێت .

# چەند ڕێنماییەك بۆ پاراستنی تەمەنی پاتری ناو ئامێرەکە ئەگەر لەو مۆدێلانەبوو کە پاش کارەبا بڕان کاردەکات

-. نابێت بۆ ماوەیەکی زۆر بە کارەباوە بێت و کاری پێنەکرێت .

– لەکاتی جێهێشتنی بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێت محەویلەکە لە کارەبا بکرێتەوە و سویچی ئامێرەکەش بکوژێنرێتەوە .

– کاتێك کارەبا نەبێت و کاتژمێرەکە بۆ ماوەیەکی زۆر کار بکات و بینرا شاشەکان بەرەو کزی دەرۆن ئەوادەبێت ئامێرەکە بکوژێنرێتەوە نابێت جێبهێلرێت خۆی زۆر کزببێت و بکوژێتەوە چونکە زەرەرێکی زۆر دەدات لە پاتریەکە و زۆر زوو پەکی دەکەوێت .

بۆ بینینی بەرهەمەنوێکانمان و زانیاری و ڕینمایی بەشێوەی ڤیدیۆ دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی کارگەکەمان بکەن بە ئەدرەسی : WWW.SORANELECTRONIC.COM وەپەیجی کارکەکەمان لە فیسبوك : www.facebook.com/Soranele

بۆ دەستکەوتنی بەرهەمەکانمان دەتوانرێت سەردانی پێشەنگای کارگەکەمان بکرێت لەهەمان شوێنی کارگە وەیان پەیوەندی بکرێت بەم ژمارانەوە: 07701419396 07501419396 07480174977

ناونیشانی کارگە : سلێمانی ناوچەی پیشەسازی یەك پشت گەراجی بەغداد نزیك تاقیگەی مۆدێرن بۆ پشکنینی ئۆتومبێل بەرامبەر تاقیگەی عمر عوسمان بۆ پشکنینی ئۆتومبێل تەنیشت کارگەی دیکوراتی ئاراس